کەمپینی لەبارەی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات بڵیاریدا

کەمپینی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق دووپات، مافی دەنگدانی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین گرنتی دەکرێت ودەتوانن لە پارێزگاکانی خۆیان دەنگبدەن و هەروەها تۆمارکردنی بایەمتری لە دوای هەڵبژاردن بەردەست دەبێت بۆ ئەوانەی تۆمار نەکراون.

ئەمڕۆ دووشەممە ٢٠ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، نیبراس ئەبو سودە، جێگری وتەبێژی کەمپینی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ ئاژانسی هەواڵی عێراقی وت، مافی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن لە ناو عێراقدا پارێزراوە و بڕیاری یاسای کارپێکراو لە ڕێژی دەنگدانی گشتیدا لە پارێزگا ڕەسەنەکانی خۆیان دەتوانن دەنگ بدەن.

وتیشی، پرۆسەی دابەشکردنی کارتی دەنگدان تاوەکو ڕێژی دەنگدان بەردەوام دەبێت، بە دەنیابوون لەوەی کە سەرجەم هاوڵاتییان کارتەکانیان وەردەگرن و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، هەروەها کەمپینی دابەشکردنی هیچ کارتێکی چاپکراو دواناخات و بەردەوام دەبێت لە ڕادەستکردنی بە هاوڵاتییان لە هەر کاتێکدا، جا پێش هەڵبژاردن بێت یان دوای هەڵبژاردن.

دەشڵێت، ئەو هاوڵاتییانەی کە زانیاریەکانیان نوێ نەکردووەتەوە یان بایەمتریان تۆمارنەکردووە

لە ماوەی نوێکردنەوەی پێشوو بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، دەتوانن دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن سەردانی ناوەندەکانی تەمارکردن بکەن بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان.